# حوكمی دەرچوونی كەسی موعتەكیف لە مزگەوت

[ kurdish – كوردی – كردي ]

لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێكۆلینەوەی زانستی و فەتوا و بانگەواز و ڕێنمایی

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ حكم خروج المعتكف من المسجد ﴾

« باللغة الكردية »


اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشاد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2011 - 1432

IslamHouse.com

## حوكمی دەرچوونی كەسی موعتەكیف لە مزگەوت

**پرسیار:** ئایا ئەگەر كەسێك لە ئیعتكافدا بوو، دروستە پڕوات خێزانی ومناڵەكانی بەخەبەر بێهێنێتەوە بۆ پارشێوكردن، چونكە هیچ كەسێكی تر نییە لەماڵەوە بەخەبەریان بهێنیتەوە ؟ ئایا ئەمە پێچەوانەی مەرجەكانی ئیعتكاف كردنە ؟

**وەڵام :** سوپا سوستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ...

ئەو كەسەی ڕۆشتە ئیعتكافەوە بەهیچ شێوەیە دروست نییە لەمزگەوت بچێتە دەرەوە بۆ كارێك نەبێت كە هەر دەبێت بچێتە دەرەوە، بۆ ئەنجامدانی كاری پێویست و زەرووری خۆی وەك هێنانی خواردن و خوادرنەوە ئەگەر

کەسیك نەبوو بۆی بهێنیت بۆ مزگەوت، یان بۆ دەست گەیاندن بە ئاو سەرئاوکردن ئەگەر هاتوو مزگەوت سەر ئاوی لی نەبوو، وە هیچ قەدیدیشی ناکات کاتی پارشێو پرواتەوە بۆ مالەوە بۆ ئەوەی ماڵ و منداڵی بەخەبەر یهێنێتەوە بۆ پارشێوکردن، یان بۆ ئەوەی هەڵیان بسێنیت لەخەو بۆ نوێژی بەیانیان ئەگەر بۆ خۆیان بەخەبەر نەدەهاتن و کەسێکی تریش نەبوو خەبەریان بکاتەوە، چهونکە ئەمە کارێکە دەچێتە چوار چێوەی ئامۆژگاری خێر وفەرمانکردن بەچاکە وکاری خێر، وەك قاعیدە ئوصولّیەکەش دەڵیت : (ما لا يتم الواجب إلا به فهو واجب) واتە : ئەنجامدانی هەر کارێکی واجب ئەگەر تەواو نەدەبوو بەکارێکی تر نەبێت ئەوا ئەو کارەیشی کە واجبەکەی پیّ جیّ بەجی دەبیت ئەویش واجب دەبێت.

بەڵام هێندە هەیە ئەبێت ئەو کەسە بزانێت هەرکە ماڵومنداڵەکەی بەخەبەر هێنایەوە خێرا بگەڕێتەوە بۆ مزگەوت و ئەو جێگایەیە کە ئیعتکافی تێدا کردووە.

خوای گەورە پشت و پەنای هەمووان بێت و درود وصەڵاواتیش بۆ سەر پێغەمبەر محمد و ئال وبەیت وهاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە ..

لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و فەتوادان لەشانشینی عەرەبستانی سعودیە

الشیخ عبد العزیز بن عبد الله بن باز .. الشیخ عبد العزیز آل الشیخ .. الشیخ عبد الله بن غدیان .. الشیخ صالح الفوزان .. الشیخ بکر أبو زید .

لەفەتواکانی لیژنەی هەمیشەیی کۆمەڵەی دووەم، بەرگی ٩/لاپەڕە ٣٢٠.